

# کیبۆردێک تایبەت بە گەیمی شەڕی ئەستێرەکان

گەمەی ئەلکترۆنی جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کۆمپیوتەر لە جیهانی گەمەی ئەلکترۆنیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، بەڵام چونکە کۆمپیوتەر تەنیا بۆ گەمەکردن بەرهەم نەهاتووە، بۆیە ماوس و کیبۆردی ستانداردی کۆمپیوتەر جیاوازن لە ماوس و کیبۆردی تایبەت بە گەمەکردن، لەم دواییەدا کیبۆردێکی تایبەت بە گەمەکردن بەناوی star wars بەرهەم هاتووە. کیبۆردی ناوبراو خاوەنی دە دوگمەیە و شاشەیەکی تەواو لەمسی هەیە، کیبۆردەکە زیاتر تایبەتە بە گەیمی شەڕی ئەستێرەکان، تایبەتمەندیەکی گرنگی کیبۆردەکە ئەوەیە کە گڵۆپی LEDی لە پشتەوە هەیە و لە شوێنە تاریکەکان هەلی گرفت بۆ بەکارهێنەری کیبۆردەکە نارەخسێنێ. لە کیبۆردەکەدا دەتوانی شوێن و ئەرکی فەرمانەکانی کە بگۆڕی.





## فڕۆکەی گەمەکردنی منداڵانیش سیخوڕی دەکەن

ماوەی چەند ساڵێکە فڕۆکە و کۆپتەری گەمەکردنی منداڵانە پەرەی سەندووەو لە شوێنەکانی فرۆشتنی لەیستووکی منداڵانە لەکوردستانیش زۆر بەرچاو دەکەون، بەتەواوی شوێنی کۆلارەی گرتۆتەوە، لەم دواییەدا جۆرە فڕۆکەیەکی منداڵانەی کۆنترۆڵدار بەرهەم هاتووە بەناوی Spy hawk کە جگە لەوەی دەفڕێت ئەرکی وێنە گرتن و فیلم هەڵگرتنەوەش ئەنجام دەدات.

فڕۆکەکە کامێرایەکی 5 میگاپیکسی هەیە کە لە نووکی کامێراکەوە داندراوە و بەهۆیەوە فیلم هەڵدەگرێتەوەو کاری سیخوڕی دەکات. خاڵی جێگای سەرنج لەوەدایە ڕاستەوخۆ ئەو فیلمەی دەیگرێت لەسەر شاشەی کۆنترۆڵەکە کە وەك لە وێنەکەدا دەیبینن نیشان دەدرێت. میمۆری کارتێکی 4 گیگابایتی تێدایە کە ئەرکی تۆمارکردنی گرتە ڤیدیۆییەکان ئەنجام دەدات.

فڕۆکەکە سیستەمی فڕۆکەوانی ئۆتۆماتیکی هەیە کە لەو کاتانەی کێشە دێتە پێش ئەرکی ڕاگرتن و هاتنەوە خوارەوەی فڕۆکەکە ئەنجام دەدات. فڕۆکە سیخوڕییەکە دەتوانێت هەتا 600 مەتر لە شوێنی کۆنترۆڵەکەی دووربکەوێتەوە کە ئەمەش مەودایەکی کەم نییە.



ژمارە (٨٩٠) ■ ٢٠١٢/٧/٣٠

# کامێرایەک ڕاستەوخۆ وێنەکانتان بۆ فەیسبووک دەنێرێت




کۆمپانیای سامسۆنگ لەم دواییەدا لە بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنۆلۆژیای نوێدا چەند هەنگاوێك پێـش ڕکابەرەکانی خۆی کەوتووە، لەم دواییەدا نوێترین کامێرای بەرهەم هێناوە بەناوی MV900F کە شاشـەکەی بە دەوری خۆیدا دەسووڕێت و توانای زوومکردن و وێنەگرتنی بە جوڵەی دەست هەیە. گرنگترین تایبەتمەنـدی کامێرەکە ئەوەیە کە لە سیسـتەمی وای فای واتە سیسـتەمی وایەرلەیس سـوود وەردەگرێت و دەتوانیت وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکانتان ڕاستەوخۆ بۆ فەیسبووك یا یوتیوب بەرێ بکەیت. شاشەی کامێراکە 180 پلە بە دەوری خۆیدا دەسـووڕێت و دەتوانیت بە ئاسانی بە سوڕانی شاشەکە بۆ لای خۆت وێنەی خۆت بگریت.

تایبەتمەندییەکـی دیکەی کامێرەکە ئەوەیە پێویسـت ناکات بۆ گرتنی وێنـەی خۆت لە تایمەری کامێراکە سـوود وەربگـری، چونکە کامێراکە دەکرێت هەر لە دوورەوە بە هێمای دەسـت وێنەی خۆت بگری، یان دەتوانی بە هێمای بازنەیی پەنجەکانت بۆ لای چەپ و ڕاسـت زوومی کامێرا کەم یا زیاد بکەی.

هەسـتەوەری کامێراکە زیاتر لە 16 میگاپیکسـلە، بە فول ئیچ دی فیلم هەڵدەگرێتەوە. قەوارە و کێشـەی کامێراکە بۆ هەڵگرتن و گەشتکردن گونجاوە.



# گەیم دۆک
# ئایفۆنەکەت دەکاتە پلەی ستەیشن




کۆمپانیای ئەپڵ کە یەکێکە لە بەهێزترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی سەردەم زۆرتر بوارەکەی خۆی بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایل تەرخانکردووە ئامێرێکی دیکەی بەرهەم نەهێناوە، جیهانی گەمەی ئەلکترۆنی گەرچی لایەنگرێکی زۆری هەیە، بەڵام کۆمپانیای ئەپڵ جێ پەنجەی لەو بوارەدا دیار نییە. لەم دواییەدا کۆمپانیا هەستی بەوە کردووە لەم بوارەدا لە دواوەیە، بۆیە ئامێرێکی بەناوی iOS gamedock بەرهەم هێناوە. ئامێرەکە لە ڕاستیدا ئامێرێکی پێوەندییە لە نێوان ئامێرەکانی کۆمپانیای ئەپڵ و تەلەڤزیۆن لە ڕێگای دەسکی گەمە کردن و کێبڵی HDMIـەوە. ئامێرەکە بەهۆی کێبڵەوە بە تەلەڤزیۆن پێوەند دەدرێ و دوو دەسکی گەمەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە و کە بەهۆی کێبڵی USBیەوە بەو ئامێرە پەیوەست دەکرێن و دەکرێت شوێنگرەوەیەکی باشی PSP بێت.



## سایتێک بۆ فێربوونی هونەری نیگارکێشان

ڕەنگە لــە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەنتەرنێت شــوێنی قوتابخانە و زانکۆ و شــوێنە ڕاهێنان و فێرکارییە مەزنەکانیش بگرێتەوە، ئیدی پێویســت نەکات کەسێك کە هەوڵبدات بۆ فێربوونی هونەرێك یان پیشەییەك بچێتە شوێنێکی تایبەت بەم پیشەیە یان ئــەم هونــەرە، بەڵکو دەکرێت لە ســایتێکی ئەنتەرنێتدا کــە بۆ ئەم مەبەســتە دیاریکراوە بە ئاســانترین شــێوە و بەبێ ماندووبوون و تێچوونی ماددی تەنیا بە هەوڵی خۆی فێری ببێت.

گەلێك ســایت هەن کە ئەرکیان فێرکارییە، جا فێرکاری لە هەر مەبەستێکدابێت، بۆ نموونە سایتی http://www.johnlovett.com کە هی



هونەرمەندێکی ئوســتراللییە بەناوی جان لوتە، لەم ســایتەدا هونەرمەندی ناوبراو ئەوپەڕی هەوڵیداوە بە زمانێکی سادە و ئاســان هونەری نیگارکێشان بە ئاوڕەنگ فێری فێرخوازانی نیگارکێشی بکات، لە سایتەکەدا لە چۆنییەتی تێکەڵکردنی ڕەنگەکان تاکــو چۆنییەتی بەدەســتەوە گرتنــی قەڵەمی ئاوڕەنــگ و قۆناغە ســەرەتاییەکانی فێربوونی ئەو هونەرە بەباشــی باسکراوە. تەنانەت بۆ کەسێك ئارەزووی فێربوونی هونەری نیگارکێشانی هەبێت، هەنگاو بە هەنگاو فێربوونی ئەو هونەرەی تێدایە. دیزاینی سایتەکە زۆر سادەیە تەنانەت بۆ ئەوانەی کە هیچ لە ئینتەرنێتیش شــارەزا نین بە ئاســانی دەتوانن ســوودی لێوەربگرن. لە بەشــی سەرەوەی ســایتەکەدا دەتوانی فەرمانی گالێری هەڵبژێری و بچیــە نــاو گالێری هونەرمەندەکــە بۆ ئەوەی کە نیگارە ئاوڕەنگییەکانی کە لە پیشــانگاکانی خۆی گرتوویەتــی ببینی. ئەگەر تۆ یەکێکی لە ئارەزوومەندانی فێربوونی نیگارکێشان دەتوانی سەر لەم سایتە بدەی.



## وردبینێک بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان

ئەم ئامێرەی کە لێرەدا دەیبینن و زیاتر سشوار (مجففە) دەچێت، لە ڕاســتیدا وردبینێکە کە دەتوانێــت هەر شــتێك 400 جــاران لەخۆی گەورەتر نیشــان بــدات. ئامێرەکــە وەك لێنزێك لە کامێرا هۆشــمەندەکان دەخرێت وەك، کامێرای ئایفۆن، گالاکســی، بلاك بێری،...تاد. ئەم ئامێرە دیجیتالییە زیاتر وەك میکرۆســکۆپێك دەچێت.. کە گەردیلەی زۆر ورد بە گەورەیی نیشان دەدات. ئامێری Luxus LX-ProScope HR بــە ئاســانی دەتوانێت وێنەی زۆر ورد 400 جاران لەخۆی گەورەتر نیشان بدات. بە فیلم هەڵگرتنەوە و وێنەگرتن لە هەر شــتێك دەتوانی لە میمــۆری مۆبایلەکەدا ڕاببگری و دواتر سەیری بکەی، ئامێرەکە زیاتر بۆ دکتۆران، قوتابیان و ئالتون فرۆشەکان و ئەوانەی کاری توێژینەوە دەکەن ســوودمەندە. هەروەها بۆ ئەو کەســانەی کە پەردە لەسەر ڕازی تاوانێك هەڵدەدەنەوە و ئەو شتانەی بە چاو نابیندرێن بەهۆی ئەو وردبینەوە دەکرێ وێنەیان لێهەڵبگیرێتەوە.

## گەورەترین تەبــــلێت لە جیهاندا

تەبلێــت واتە ئەو کۆمپیوتەری کە تەنیا لە یەك شاشــە پێکهاتــووە وەك تەبلێتی جۆری ئایپاد، گالاکســی، ئایســەر...تاد. چەند شــتێك تەبلێت لە کۆمپیوتەری لاپتۆپ جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە کیبۆرد لە تەبلێتدا نییە و مەگەر لەلاوەکی بۆی دابندرێت، هەروەها قەبارەکەی و کێشی لە لاپتۆپ بچووکتــرە. بەڵام ئەم تەبلێتەی کە وێنەکەی لێرەدا دیارە جیاوازییەکی زۆری هەیە لە گەڵ تەبلێتی دیکە، چونکە شاشــەکەی 21,5 ئینجە واتە بە قەد تەلەڤزیۆنێك.. کێشی تەبلێتەکە 5 کیلۆیە کە ئەمەش بۆ تەبلێت کێشێکی زۆرە.

تەبلێتــی جــۆری FT103 وەك گەورەترین تەبلێت لەجیهاندا ناســراوە، تواناکانی ئەم تەبلێتە گەورەیە ئەمانەن: دیقەی نیشاندانی شاشەکەی فول ئێچ دییە، سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی لەســەرە، یەکەی لێکدەرەوەی یەك گیگاهێرتزە. رامەکەی یەك گیگایە و هاردەکەی 8 گیگایە کە لە ئاســت تەبلێتێکــی وا گەورە رام و هاردەکەی زۆر لە خوارێیــە. ڕەنگە کۆمپانیا بەرهەمهێنەری تەبلێتەکە ئامانجی لە بەرهەمهێنانی تەبلێتێکی وا زیاتر حاڵەتی سەرنج راکێشان بێت، ئەگینا کــەم کەس هەیە 5 کیلــۆ لەگەڵ خۆی بگیرێت ئەگــەر کاراییەکی ئەوتۆشی نەبێت.

# هەم کامێرا و هەم پرۆژکتۆر

لـــەم چەنـــد ســـاڵەی دواییـــدا کۆمپانیـــا بەرهەمهێنەرەکانی ئامێری دیجیتالی ویستوویانە گۆڕانکاری لە ئامێرەکانیاندا بکەن و ئامێری چەندین ئەرك و چەنـــد کارە بەرهەم بێنن، وەك پرینتەرێك کە هەم ئامێری بەڕێکردنی فاكـــس بێت و هـــەم فۆتۆکۆپی بێت، یان وەك مۆبایل کە هـــەم کامێرا بێت و هـــەم مۆبایـــل... هەروەها چەندین ئامێری دیکەش.. لەم دواییەدا ئامێرێك بەناوی M3 CP45 بەرهەم هاتووە کـــە تایبەتمەندییەکانـــی گرنـــگ و بەرچاون.. ئامێرەکە لە یەك کاتدا هەم ڤیدیـــۆ پرۆژکتۆرێکی پورتێبڵە و هەم کامێرایەکی دیجیتالی کە بە کوالیتی HD فیلم هەڵدەگرێتـــەوە. ئامێرەکە فلاش میمۆری دەخوێنێتەوەو هەروەها میمـــۆری ناوخـــۆی 2 گیگابایتە. ڤیدیۆپرۆژکتۆری ئـــەو ئامێرە توانای نیشـــاندانی وێنەی بە ســـایزی 65 ئینجی هەیە.




# هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیارێک




خوێنەرێکی بەڕێز پرســـیارێکی ئاراســـتەی فایلی ئایتی کردووەو دەپرسێت، هەروەك دەزانن ئێستاکە بۆ من و زۆر کەسی دیکەش ئینتەرنێت یانی فەیســـبووك، یانی تەنیا ئینتەرنێت لەبەر فەیســـبووك دەکەمەوە، هەرچەنـــدە تارادەیەك شـــارەزاییم هەیە بەســـەر فەیســـبووکدا، بەڵام هەندێکی شـــت هەیـــە بەو جۆرەی پێویســـت شـــارەزاییم لێـــی نییە، تکایە بەپێی پێویســـت یارمەتیم بدەن، گرفتێکم هەیە لە فەیســـبووکدا، ئایا دەکرێت ئەو ئەلبومانەی کە لە فەیسبووکدان، هی خۆم یان هی هاوڕێیانم کە لە فەیســـبووکدا لەگەڵم هاوڕێن، بەیەك کلیك داونلۆد بکەم، نەك دانە دانە، بەڵکو بەیەکجاری هەموو ئەلبومەکە دابەزێت؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەگەر لەگوگڵ سێرچ بکەی و پرۆگرامێکی زۆر بچووك هەیە بەناوی FacePAD: Facebook Photo Album Downloader دابەزێنی، دەتوانی بە ئاسانی و بێ گرفت هەر ئەلبۆمێك مەبەســـتتە بە یەك کلیك دابەزێنیت، کاتێك پرۆگرامەکەت دابەزاند کلیکی لای ڕاســـت لەســـەر ئەلبومەکە بکە و ئەوکات دەبینیت لە ڕیزی فەرمانەکانی کلیکی لای ڕاستدا ناوی ئەو پرۆگرامەی سەرەوە زیاد بووە و بە داگرتنی ئـــەو پرۆگرامە ئەلبومەکە دادەبەزێتە سەر کۆمپیوتەرەکەت. بەڵام خوێنەری بەڕێـــز داواکارییەك لە خۆت و لەو هاوڕێیانەی دیکە کە ئـــەم فایلە دەخوێننەوە و ئەو زانیارییە وەردەگرن، ئەوەیە کە بەمەبەســـتی زیانگەیاندن بە دۆســـتان و هاوڕێیانتان لە فەیسبووکدا ئەو پرۆگرامـــە بەکارمەهێنن و هەروەها هیچ کاتێك ئەو وێنانە لەسەر فەیسبووکدا سەیڤ مەکەن کە دەزانن لە داهاتوودا لە دانانی وێنەکە پەشـــیمان دەبنەوە و کێشەتان بۆ دروست دەکات.

# مۆبایلێک بۆ هەموو هەمیشە!

کۆمپانیای سامســـۆنگ نوێتریـــن هاندی مۆبایلـــی خـــۆی لـــە ڕیـــزی هاندەکانـــی گەلاکســـی بەرهەمهێنا بەناوی Xcover کە تایبەتمەندی گرنگـــی لەخۆگرتووە. گرنگترین تایبەتمەندییەکانـــی ئەوەیە کە دژی تەڕبوونە و بە لەئاست بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە خۆڕاگرە، جگەلەوەش هیچ چەشنە تۆز و خۆڵێك لەخۆیدا ڕاناگـــرێ، تەنانەت ئەگەر لـــە بانێکی بەرزیـــش بەربێتـــەوە هیچ تێك ناچێت. تۆز و خۆڵ و تەڕبوون و کەوتنە خوارەوە ســـێ هۆکاری ســـەرەکین بۆ تێکچوونی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، ئەم مۆبایلە لە ئاست هەر سێ هۆکارەکەدا خۆڕاگرە، بۆیە بە مۆبایلێك بۆ هەمیشە ناسراوە.





تایبەتمەندییەکانی دیکەی مۆبایلەکە وەك هەر مۆبایێکی دیکەن و سیستەمی وایەرلەیسی Wi-Fi و هەروەهـــا سیســـتەمی GPS و پشـــتیوانیکردن لە سیستەمی HSDPA بە خێرایی 2.7 میگابایت لـــە چرکەیەکـــدا هەیە، شاشـــەی لە مســـیە کە ی دژی شـــوختە و دەتوانیـــت لەگەڵ خـــۆت بیبەیە ناو ئـــاو و لەکاتـــی مەلەکردندا سوودی لێوەربگری.